محەمەد هەریری

لیستەی جوێنەکانی (تەها هەلەدنی) م خوێندەوە، کە بە ئیسلام وقورئانی دابوون بەناوی (ئاوایی خێڵی حەمە وقورئان)، بەراستی سەرم لەو تۆرەی ئێوە سوڕماوە، چۆن نوسینی وا بێ نرخ، وبێ تام، وبێ ئەدەبانە بلآودەکاتەوە، بلێی لەبەر کەمی بابەت بێت، یان لەبەر گونجانی ئارەزووی بەرپرسانی کوردستان نێت بێت، لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتە نازانستی وبێ ئاستانە!

ئەو جۆرە وتارە گرژانە یەك تۆزقاڵ خزمەت بە هەقیقەت وبابەتخوازی ناکات، چونکە لە جوێن بەشینەوە زیاتر هیچی تر نییە، ئەگەر چی خاوەن (بەناو) وتارەکە هەوڵی داوە وانیشان بدات کەوا بەڵگە بە دەقەکانی قورئان دەهێنێتەوە، بێ ئەوەی لە مانای دەقەکە وموناسەبەی دەقەکە تێ بگات.

ئەو جۆرە خیتابە گرژانە لە هیچ خاکێکی ئیسلام لە دوو رۆژ زیاتر ژیان ناکات. کەی ماقووڵە بە کتێبێکی گەورە وکاریگەر (بە شاهێدی هەزارەها زانا ودانا) بلێیت" خودی قورئان تیرۆرستە" بەراستی کەسانی وا کەلە پووت لە نێو بەناو رۆشنبیران پەیدا بوون، هەموو ئاواتێکیان ئەوەیە ئەو پەڕی بێ ڕەوشتی بنوێنن بەرامبەر ئیسلام وموسڵمان وقورئان، بەڵکو ئەوە خوایە هەرڕەشەیەکی لێ دەکرێت وکەمێك مەشهوور دەبێت. زانیومە لە وڵاتێکی عەرەبی یەکێك لەو نووسەرە بێ ناوەرۆکانە شتی نوسیوە لە دژی ئیسلام، کاتێ زانیویەتی کەس گوو بەکلآوی نا پێوێ، خۆی تەلەفۆنی بۆ چەند لایەن ودەزگای ئیسلامی کردوە وگوتوویەتی: ئاگادارن فلآنە کتێب لە بازاڕە ودژی ئیسلام نووسراوە؟!

قورئانێك دەیانی وەك گۆتە وبەرنادشۆ وگارودی ومۆریس بۆکای ووۆل دیورانت، زۆربەی زانایانی سەردەمی ڕێنیسانس سەرسام بکات، بە قسەی بۆرە پیاوێکی کەس نەناس وبێ زەوق لە نرخی نایەتە خوارەوە.

ئینجا رووداوەکەی خێڵی حەمە دەیان جار بە دەستی بەناو پێشمەرگە کوردکوژەکانی یەکێتی رویداوە لە دژی لایەنە کوردی وئیسلامیەکان، خوا دەزانێ ئەگەر ئەوان پێشدەستیان نەکردبا پاش تێگەیشتنیان لە مەرامە ناپیرۆزەکانی یەکێتی، ئێستا چی روویدا بوو؟!

رووداوەکە دەبێت لەو چوارچێوەیە بخوێندرێتەوە، نەك وا بێ سەروبەرانە، بە جنێوە ڕەشەکانت بتەوێ پاشینەی ڕەشی یەکێتی لە کورد کوشتندا سپی کەیتەوە، کە بەرای من بە هیچ مەحلولێکی کیمیاوی سپی نابێتەوە!

گومانم هەیە تا ئەو رادەیە بوێر بن ئەو وەڵامە بلآوکەنەوە، ئەگەریش بلآوتان نەکردەوە، ئەوە هەر بارێك وقسەی خۆی هەیە.

لەندەن ٦-٤-٢٠٠٢

©Kurdistan Net